DÊRÎN

خاوەنی رۆژنامە : کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان

سەرنووسەر : کاکە عەبە

جێگری سەرنووسەر : مەریوان سابیر

بەڕێوەبەری نووسین : ئاوات کۆکەیی

www.p-deren.com
hardianwar@p-deren.com

ژمارە : ( ٨ ) - چوارشەممە ٢٠٠٦/١٢/٢٠ ٢٩ی سەرماوەزی ٢٧٠٦

رۆژنامەیەکی پێشمەرگانەی گشتییە

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان دووهەفتە جارێك دەریدەکات

خوێندنەوەی ژیرانەی دوێنێ.. ناسینی ئەمڕۆ.. بەرهەمهێنانی سبەی

## رۆشناییەك بۆ سەر راپۆرتەکەی بیکەر-هاملتۆن

# بۆچی گەلی کوردستان نیگەرانە؟

رۆژی ٦ی کانونی یەکەم، دەستەیەکی ئەمەریکایی توێژینەوە، بەسەرۆکایەتی جێمس بیکەر وەزیری پێشوتری دەرەوەی ئەمەریکاو هاملتۆن- سیناتۆری دیموکراتی پێشوو، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەییدا راپۆرتەکەی خۆیان کە لە(٧٩) راسپاردەو ئامۆژگاری پێکهاتوە راگەیاند.

ئەم راپۆرتە پێشنیاز کردنەو خراوەتە پێش بەڕێوەبەرێتی ئەمەریکا، کە ئەو سیاسەتەی لە دوای نیسانی ٢٠٠٣وە، لە عێراقدا تا ئێستا گرتویەتییە بەر بگۆڕێت و راسپاردەکانی ئەو راپۆرتە پەیڕەو بکرێت، واتە راپۆرتەکە بۆ بەریوەبەرایەتی ئەمەریکا نوسراوە، بێگومان ئەم راپۆرتە نە بۆ بەڕێوەبەرایەتی ولایەتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکایە نە بۆ هیچ لایەنێکی تر، شتێك نییە کە بەناچاری جێبەجێ بکرێت، بەڵکو تەنیا باری سەرنج و پێشنیازەو بەس.

لەراستیدا راپۆرتەکە پڕە لە خاڵی ناکۆك بەیەکترو بەراشکاوی دەستێوەردانە لە کاروباری ناوخۆی عێراق و کوردستان، لەکاتێکدا لەبەندی دووەمدا جەخت لەسەر (یەکێتیو سەلامەتی خاکی عێراق) دەکاتەوە داوای راگرتنی دەستێوەردانی دراوسێکانی عێراق لە کاروباری عێراقدا دەکات، داوای پێکهێنانی دەوریەی پاسەوانی هاوبەشی سنورەکان دەکات، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دەستێوەردانە لەکاروباری عێراق و کوردستاندا، کەمکردنەوەیە لە دەسەڵاتی هەرێم.

هەر لەو بەندەی دووەمدا داوای (گەیشتنە رێککەوتنێکی گونجاو لەبارەی کەرکوکەوە) دەکات، بێ ئەوەی درێژەی ئەو (رێککەوتنە گونجاوە) روون بکاتەوە، کە ئەمەش داوای لادانە لەدەستوری عێراق و بەندی (١٤٠)ی دەستورەکە، کەلەلایەن زۆرینەی گەلی عێراقەوە پەسەند کراوە، دەبێ ئەم بەندەی دەستور لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا جێبەجێ بکرێت.

لەبەندی سێیەمدا دێتە سەر پێویستی کۆنگرەو کۆبونەوەی رێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامیو کۆماری عەرەبی لەبەغدا، بۆ یارمەتیدان لەئاشتبونەوەی نیشتمانیداو بەشداری دەوڵەتانی ناوچەکەو دونیا لە پشتگیری عێراقداو، راپۆرتەکە رۆڵی سوریاو ئێرانی دیاری کردووە، گوایە بۆ باشکردنی وەزعی عێراق لەکاتێکدا هەردوو لایان رۆڵی نەگەتیڤیان هەبووە و هەیە دژی عێراق، بۆ هاندانی لایەنگیری تیرۆریستان بۆ میلشیاکان.

لەبەندی پێنجەمدا لەبری داوای پشتگیری باسی بەشداری دەوڵەتانی ناوچەکە و پێنج ئەندامەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی یەکێتی ئەوروپا، ئێران و سوریاش دەکات لە دۆزینەوەی چاری سیاسیو دیبلۆماسیدا، کە ئەمەش دیسان دەستێوەردانەو پێچەوانەی واقیعی بارودۆخەکەیە.

بەندی هەشتەم جەخت لەسەر بەرژەوەندی دراوسێکان دەکات وگوایە لە باری دیبلۆماسیەوە باشترە (نەیارو دوژمنانیش لەهەوڵی چاککردنی کێشەو ناکۆکیەکاندا بەپێی (بەرژەوەندی خۆیان) بەشدار بکرێن.

هەموو پەیوەندیەکانی ئەمەریکا لەگەڵ سوریاو ئێران لەمەسەلە قورسەکاندا چارەسەربکرێت و ئەمریکا بەو بەشدارییەی سوریاو عێراق تەماعو پاداشتیان بخاتە پێش، کە ئەمە راست نییە خاکی عێراق بکرێتە گۆڕەپانی ئەو ناکۆکیانە وەك ئەو دوو وڵاتە دەیانەوێت.

لەبەندەکانی نۆیەم تا دوانزەیەم ناکۆکی ئەمەریکا لەگەڵ سوریاو ئێران و بەرنامەی نۆکلیەر (ئەتۆمی) ئێرانیو ناکۆکی عەرەبو ئیسرائیل، بەچەشنێکی هەڵەو نەگونجاو تێکەڵ بەباری ناخۆیی عێراق دەکرێت، ئەگەرچی ئەو خاڵانە رەنگدانەوەشیان بەبارودۆخەکان هەبێت ئەوجا لەبەندەکانی دواتردا سیانزە تا حەڤدە دێتە سەرباسی چاری کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل و رزگار کردنی جۆلان بەمەرجی بەفەرمی ناسینی ئیسرائیل ..هتد..

بۆ لاپەڕە - ٢

جەلال دەباغ

## لە نامەیەکیدا بۆ سەرۆك تاڵەبانی

# د. ئیسماعیل هەنییە نیگەران بەرامبەر بەهەڵە ناوبردنی پێشمەرگە





ماوەیەك لەمەوبەر سەرۆك وەزیرانی فەلەستین لەوتارێکیدا بەهەڵە وەسفی پێشمەرگەی کرد، بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵەیە، نامەیەکی ئاراستەی سەرۆك تاڵەبانی کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**فەخامەتی برا جەلال تاڵەبانی خوا بیپارێزێ سەرۆك کۆماری عێراقی دۆست-بەغداد.**

**سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان .**

**السلام علیکم ورحمه الله وبرکاته. پاش سڵاو..**

ئەم نامەیە بۆ فەخامەتتان دەنووسمو هیوادارم کە پێتان دەگات لەباشترینو خۆشترین حاڵدابن، هیواش دەخوازم بۆ کەسی ئازیزتانو گەلی دۆستمان سەرکەوتنی تەواو بەدەستبهێننو بەسەر ئەو رەوشە سەختەدا زاڵبن، ئەویش بەسەرکردایەتیی حەکیمانەتانو یەکێتییە نیشتمانییە پتەوەکەتان، ئەم بۆنەیەش دەقۆزمەوە بۆ ئەوەی پێتان رابگەیەنم کە لەگەڵ سەلاح ئەلزەواوی برام (باڵیۆزی دەوڵەتی فەلەستین لەئێران) سەبارەت بەو هەڵە بێمەبەستە قسەم کردووە کە هەستی برا موجاهیدە کوردەکانمی رووشاند. بۆ فەخامەتیشتان پەرۆشی گەلی فەلەستین دووپاتدەکەمەوە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵتانو لەگەڵ گەلی دۆستماندا، هەروەها ئەوەشم بۆ سەلاح-ی برام بەجێهێشتووە کە لەیەکەم دەرفەتی رەخساودا هەلومەرجی ئەو هەڵە بێمەبەستەتان بۆ روونبکاتەوە کە سەر لەنوێ نیگەرانیی خۆم بۆ روودانی دووپاتدەکەمەوە.

داواش لە خوای گەورە دەکەم پێکەوە کۆمان بکاتەوەو هێزەکانمان یەکبخات بۆ ئەوەی کە خێری نەتەوەی ئیسلامی ئازیزمانی تێدایە.

لەگەڵ ئەو پەڕی هیوامدا

**والسلام علیکم ورحمه الله وبرکاته**

**براتان د. ئیسماعیل هەنییە**

**سەرۆك وەزیرانی دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستین**

**٢٠٠٦/١٢/١٣**

# چەند کۆبونەوەیەك دەربارەی پێداچونەوەی یاسای خانەنشینیو رێزلێنانی پێشمەرگە

لەماوەی رابردوودواو بەمەبەستی پێداچونەوەی رەشنوسی یاسایی خانەنشینیو رێزلێنانی پێشمەرگەی دێرینو پێشمەرگە، کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە لەسلێمانی و فەرماندەیی گشتی (هـ.پ.ك)و دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان، چەندین کۆبونەوەیان ئەنجامداو پاشان سەردانی وەزارەتی پێشمەرگە(هەولێر)و فەرماندەیی لەشکری کوردستان (فەلەك)یان کردو، لە ئەنجامدا هەموو لایەك کۆکبون لەسەر دەوڵەمەندکردنی یاساکە.

شایانی باسە، لە مانگی رابردوودواو بۆ هەمان مەبەست وەفدێکی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانو دەزگای پێشمەرگە، سەردانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیان کردبوو.

# ئێران سنوری هەرێمی کوردستان دەبەزێنێت

لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا کۆماری ئیسلامی ئێران بە قوڵایی پێنج کیلۆمەتر لە سنوری گوندی (زەلێ)وە هاتۆتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوەو هێزێکی زۆری جێگیرکردوە، بەپێی هەواڵەکان ئەگەری ئەوە لە ئارادایە شەڕێکی قورس لەنێوان پەژاك و ئێراندا رووبدات.

هەروەها وتە بێژێك بە ناوی پەژاکەوە ئەو هێرشەی بەچاو سورکردنەوە بۆ سەرخۆیان وەسف کردوەو لە ئێستاشدا هێزەکانی پەکەکەو پەژاك خۆیان بۆ روبەروبونەوە ئامادەکردووە.

# ژنانی کورد لەهەڵبژاردنەکانی شاری ورمێ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا



خەدیجە مەنسوری

بەپێی هەواڵی ماڵپەرە رەسمیەکانی وەزارەتی ناوخۆو فەرمانداری شاری ورمێ، کەسی یەکەمی هەڵبژێردراو بۆ ئەنجومەنی شاری ورمێ ژنێکی کوردە بەناوی (خەدیجە مەنسوری) هەروەها خاتوو(شۆ شەهرزاد) کە ئەویش کوردە پلەی چوارەمی هەڵبژاردنەکەی بەدەست هێناوە، ئەمە جگە لەوەی پیاوێك بە ناوی (عابد فەتاحی) پلەی شەشەمی بەدەست هێناوە کە ئەویش هەر کوردە. بەم جۆرە لەکۆی (٩) ئەندامی ئەنجومەنی شاری ورمێ سێ کەسیان کوردن.

بەم سەرئەنجامە کوردانی دانیشتووی ئەو شارە توانیان سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنن بۆ بەڕێوەبردنی شاری ورمێ، شایانی باسە ورمێ یەکێکە لە شارەکانی پارێزگای ئازربایجانی رۆژئاوای ئێران کە هەردوو نەتەوەی کوردو تورکی ئازەری تێدا دەژی، کە هەرچەندە بەلەبەرچاو گرتنی گوندەکانی دەوروبەری، ژمارەی کوردەکان زیاترە، بەڵام بەدرێژایی سەدەی رابردوو کوردەکان لە بەڕێوەبردنی ئەو شارەدا پەراوێزخرابوون.

# تورکیا و کوردەکان، دەرفەتێك بدەن بەئاشتی

لەبانگەوازێکدا ١٦٧ کەسایەتی جیهانی پایە بڵندو ناسراو، داوا لە دەوڵەتی تورکیا دەکەن دەرفەتێك بەدیموکراسی بداتو مافی کورد بەرەسمی بناسێت.

لەسەرەتای بانگەوازەکەدا هاتووە: راگەیاندنی ئاگر بەستی یەکلایەنە لە ١/ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦ لەلایەن پەکەکەوە ئاسۆیەکی سیاسی بێ وێنە بۆ ئاشتیوئاشتبونەوە دەکاتەوە.

هەروەها داوا لە دەوڵەتی تورکیا دەکات ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە بۆ دەست پێکردنی شەفافیەتی سیاسیو وتووێژ سەبارەت بەدۆزی کورد لەگەڵ نوێنەرانی کوردەکان لە تورکیا. لەبەشێکی تری بانگەوازەکەدا هاتووە: ئێمە داوا لەسەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئەردۆغان دەکەین پێشوازی بکات لە رۆحو ناواخنی راپۆرتی ئەم دواییەی یەکێتی ئەوروپا سەبارەت بە (پێشکەوتنەکانی تورکیا بۆ چونە ناو یەکێتی ئەوروپاوە) کە لە ٢٧/سێپتەمبەری ٢٠٠٦ لەلایەن نوێنەرانی گەلانی ٢٥ وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپاوە پەسەندکرا، کەداوا لە تورکیا دەکات راستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی کوردی تورکیا بکەوێتە وتووێژ، کەبەدڵنیاییەوە لەلایەن ئێمەو گشت دامو دەزگاکانی ئەوروپاییو کۆمەڵگای مەدەنی پێشوازی لێدەکرێت، لەکۆتاییشدا دەڵێت: دەبێت ئێمە پشتیوانی لە ئاگربەست بکەین بۆ ئەوەی دەرفەتێك بدرێت بە ئاشتی، دەبێت پشتیوانی راستەوخۆ لەدەست پێکردنی وتووێژ لە نێوان تورکیاو نوێنەرانی کورد بکەین، بۆ ئەوەی دەرفەتێك بە دیموکراسی بدرێتو مافی سەرەتایی گەلی کورد بسەلمێندرێت، کە ئاخیرەکەی هەر دەبێت بە رەسمی بسەلمێنرێت.

**لەگەڵ پیرۆزبایی ستافی دێرین، خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار دەکەینەوە کە رۆژنامەکەمان بەهۆی هاتنی جەژنەکانی سەری ساڵو قوربانەوە لەکاتی خۆی دەرناچێت..**